# تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی- توێژینەوەیەکی شیکارییە

**هێمن ئەمین جەلال شوانی**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: hemin.jalal@mhe-krg.org

**طاهر حسۆ زێباری**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: tahir.zebari@su.edu.krd

## پوختە:

ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەبەشێک لە ئاسایشی نیشتیمانی یان ئاسایشی دەوڵەت دادەنرێ، بەرقەراربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگی لە پەرەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەیە. لەسەردەمی ئەمڕوماندا، کە جیهانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی کۆمەڵگەکان کەوتۆتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، ڕاگەیاندن بەئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕۆڵی گەورەی لە دروستکردنی مەترسی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا هەیە، هەربۆیە لە زۆرێک لە وڵاتان بەڕێگەی یاسا هەوڵیانداوە سنورێک بۆ ڕاگەیاندن و کارکردنی میدیاکار و ڕۆژنامەوان دیاری بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەتایبەت وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن مەترسییەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی زیاتر کردووە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش هەوڵدانە بۆ زانینی ڕادەی مەترسیەکانی فەیسبووک لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەت.

**کلیلە وشەکان:** تۆڕی کۆمەڵایەتی، فەیسبووک، مەترسی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی:

ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەمانا فراوانەکەی بریتیە لە دڵنیابوونی تاک لە خۆی و موڵک و سەروت و سامانی و، هەستکردن بە ئاسودەیی و نەترسان لە ژین و ژیانی، هەربۆیە لە کۆمەڵگەیەک کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی تێدا سەقامگیرە تاک هەست بە بوونی خۆی و پێگەکەی لە کۆمەڵگەدا دەکات. هاوکات ڕاگەیاندن وەک چۆن دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، تەندروستی، ئابووری، کەلتوری و مافەکانی مرۆڤ و بوارەکانی دیکە بگێڕێ، بەهەمان شێوە ئاشنای تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئەرک و ڕۆڵی حکومەت لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات، لەلایەکی دیکەوە ڕاگەیاندن ئەگەر بەشێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵ نەکرا دەشێ ببێتە هەڕەشە و مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە بینیووە، دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەتایبەت وەچەرخانێکی نوێی لە بواری ڕاگەیاندن هێناوەتە ئاراوە، چونکە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاد دەکات، بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنان و نەزانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئامرازەی ڕاگەیاندن پێشبینی دەکرێ مەترسی گەورە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان دروست بکات.

لە کوردستان، تا ڕادەیەک هەوڵدراوە بە باشە سوود لە فەیسبووک وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن وەربگیرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار کێشە لە جۆری ڕۆماڵی ڕووداوەکان و خراپە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە هەیە، ئەوەش کاریگەری کردۆتە سەر ئاساشی کۆمەڵایەتی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەپشتبەستن بە بۆچوونە زانستی و ئەکادیمیەکان هەوڵمانداوە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە تیشک بخەینە سەر مەترسییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەخستنەڕووی داتا و ئامارەکانی تاوان و لادان و توندتیژی...لە شاری هەولێر.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لە بەشی دووەمدا لایەنی تیۆری توێژینەوەکە خراوتە بەرباس، کە تێدا باس لە فەیسبووک و لایەنەکانی کراوە، هەروەک لە بەشی سێیەمیشدا بەسوود وەرگرتن لە تێبینی و داتا و ئامارەکان باس لەو بابەت و کێشە و گرفتانە کراوە، کە بڵاوکردنەوەیان لە فەیسبووک مەترسی زیاتری لەسەر تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروستکردوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# بەشی یەکەم

# میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

### 1. گرفتی توێژینەوە:

فەیسبووک بەیەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان دادەنرێ، لە کوردستان بەکارهێنەری زۆری هەیە، ڕۆژانەش ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاد دەکات، ئەوەش ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە فەیسبووک کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، تەندروستی، ژینگەیی، ڕۆشنبیری و کەلتوری تاکەک و گروپەکانی کۆمەڵگە هەیە، بەشێوەیەک ڕادەی ئەو کاریگەرییە ڕۆژانە هەستی پێ دەکرێ، بەتایبەت لە بابەتی ژیانی ڕۆژانەی تاک و گروپ و خێزان و، ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەئاسایشی کۆمەڵایەتی، وەک جیابوونەوە، هەژاری، بێکاری، لادان و تاوان...هتد.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە لەهەستکردن بە بوونی گرفتێک سەرچاوەی گرتووە، کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەوەش گەڕانە بەدوای وەڵامێکی زانستی و دروست بۆ (مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی) بەتایبەت مەترسییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوەدا خرایەڕوو و بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری گرفتی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی ئەم دوو پرسیارە سەرەکیەدا دەگەڕێ:

1- ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروستکردووە؟

2- پایە و کۆڵەگەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تا چ ئاستێک کەوتوونەتە ژێر کاریگەری و هەڕەشەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک؟

### 2. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە باس لە پێویستی ڕاگەیاندن و، ڕاگەیاندنکاران بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی فەیسبووک وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەوەش بەخاڵێکی گرنگ دادەنرێ، چونکە ئەم لایەنە لە ڕووی زانستیەوە تا ئێستا وەک پێویست شیکردنەوەی زانستی بۆ نەکراوە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بە سوود وەرگرتن لە بۆچوونی زانایانی کۆمەڵناسی و پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە، سەرجەم لایەنەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی شیبکاتەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەکی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

کاریگەر لە فراوانکردنی پانتایی زانستی و ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، بەتایبەت لە بواری (ئاسایشی کۆمەڵایەتی) و (کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن) و چۆنیەتی پاراستنی کۆڵەگەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

## 3. ئامانجی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی چەند ئامانجێکی هەیە، توێژەر هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، "هیچ توێژەرێکیش ناتوانێت بگاتە ڕاستی و ئەنجام و بڕیاری دروست، ئەگەر سەرەتا چەند ئامانجێکی ڕوونی دیاری نەکردبێت، تا لەبەر ڕۆشناییاندا پێیان بگات"(العزاوي، 1983: 84)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1- چۆنیەتی مامەڵەکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن بەو بابەتانەی پەیوەندییان بەئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە.

2- زانینی ئەو بابەتانەی، بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک مەترسی و هەڕەشە لەسەر کۆڵەگەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی زیاتر دروست دەکەن.

3- ئاشنابوون بەو کێشە و گرفتانەی، بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک مەترسی لە تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکەن.

## دووەم: میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵی بەشێک لە لاپەڕە کوردییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکارهێناوە، بەتایبەت ئەو هەواڵانەی پەیوەندییان بەکێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە هەیە.

## سێیەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەسەرجەم ئەو تاکانەی کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ داتا و ئامارێکی دروست سەبارەت بەژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە بەردەست نیە، بۆیە ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگەی مەبەست و کۆمەڵگەی بەردەست ئاماژەی پێ نەکراوە، سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکە، توێژەران بەسوود وەرگرتن لە ئامرازی (تێبینیکردن) هەواڵەکانی تایبەت بە(لادان، تاوان، کوشتن، توندوتیژی خێزانی، ماددەی هۆشبەر، ژیانی تایبەت...هتد)، کە لە ماوەی نووسینی ئەم توێژینەوەیە لە لاپەڕە کوردییەکان لە فەیسبووک بڵاوکراونەتەوە وەک نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەییان پێداوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## چوارەم: بوارەکانی توێژینەوە:-

1) بواری مرۆیی: بواری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەت شاری هەولێر، کە بەکاربەری فەیسبووکن وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن.

2) بواری کات: ئەوەش پەیوەست بەو ماوەیەی کە توێژەر نموونەکانی وەرگرتووە لە ڕومالکردنی لاپەڕە کوردییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە هەواڵەکانی پەیوەست بەئاسایشی کۆمەڵایەتیەوە، کە دەکەوێتە نێوان (2019/4/16) تاوەکو (2020/5/13).

3) بواری شوێن: بابەتی توێژینەوەکە پەیوەست بەئاسایشی کۆمەڵایەتی لە شاری هەولێر، ئەو داتا و ئامارانەی شیکردنەوەیان بۆ کراوە لە شاری هەولێر تۆمارکراون.

## پێنجەم: دیاریکردنی چەمکەکان:-

1. **تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەمکێکی تەواو کۆمەڵناسییە؛ تیایدا ئاماژەیەکی ڕوون هەیە بۆ گرنگترین دیاردەی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە بەدەر لە مەوداکانی دووری و بەربەستی سروشتی، تیایدا خەڵک کۆدەبنەوە و لە زۆر شت هاوبەشی دەکەن، یەکتر دەناسن و پەیوەندیی جۆراجۆر دروست دەکەن- دۆستایەتی، خۆشەویستی، تەنانەت ژنهێنان و مێردکردنیش، هەموو ئەمانەش ئاسانبوون و خێراتربوونی پەیوەندییەکان دەگەیەنێ" (میران، 2016: 105-106).

2. **فەیسبووک:** بریتیە لە ناوەندێکی پەیوەندی مەجازی کە بەکارهێنەرانی دەتوانن لە ڕێگەی وێنە و ڤیدیۆوە پەیوەندی بە یەکترەوە بکەن و لەسەرانسەری ولاتانی دنیاوە ببنە هاوڕێی یەکتر بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوری جوگرافی و ڕەنگ و باوەڕ و ڕەگەز. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو گۆشەیەکی جیهان بێ ئەوەی پێویست بەئامادەبوونی جەستەیی بکات" (قروي، 2018: 7).

3. **مەترسی:** لەم توێژینەوەیەدا مەترسی بریتیە لەو زیانانەی کە دەشێ کۆمەڵگە لە دۆخی گۆڕانکاری لە هەندێ یا کۆی سیما و تایبەتمەندییەکانی ڕووبەڕووی ببێتەوە، وەک گۆڕانی بەها و نەریت و ئاراستەکانی کۆمەڵگە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی فەیسبووک وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن.

4. **ئاسایشی کۆمەڵایەتی:** "ئاسایشی کۆمەڵایەتی واتا سەلامەتی تاکەکەس و گروپەکان لەو مەترسییە ناوخۆی و دەرەکیانەی، کە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، وەک مەترسی سەربازی بیانی بۆ نموونە ڕوبەڕوبونەوەی هەوڵدان بۆ دزیکردن لە ماڵ و دوکانەکان، یان ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی کوشتن و ڕفاندن بینەوە، یان شوێنەکان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ڕوبەڕووی تەقاندن و وێرانکردن دەبنەوە، سەرجەمی ئەو مەترسیانە تەنها بێتاوانەکان تێدا دەبنە قوربانی، ئەوەش بەهۆی نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕوودەدەن (المدني، 2011: 119)

# بەشی دووەم

# تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک

## یەکەم: سەرەتایەک دەربارى تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

کاتێک باس لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین، پێویستە باس لە دوو قۆناغ بکەین، قۆناغە یەکەم، کە بەنەوەی یەکەم (Web 1.0) ناودەبرێ، ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1995) کاتێک پێگەی (Classmates) و دواتر پێگەی (Sixdegrees) دامەزرا، لەو پێگەیانەدا دەرفەت بەبەکارهێنەر دەدرا دۆسییەی کەسی خۆیان دابنێن و کۆمێنت لەسەر هەواڵەکان بنووسن، بەشێوەیەکی گشتی دەرفەتێکی کەمی بۆ کارلێکی نێوان بەکارهێنەرانی دەرەخساند، کە دەیانتوانی نامەی کورت بۆ یەکتری ڕەوانە بکەن، ئەو قۆناغە تا ساڵی (2001) بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا پێگەکانی (Live Journal، Black Planet، Asian Avenue) دامەزران (لكحل و، زيدي، 2017، 35).

هاوتەریب لەگەڵ گەشەسەندن و بڵاوبونەوەی تۆڕی ئینتەرنێت بەجیهان، وەچەرخانێکی گەورە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕوویدا و قۆناغێکی نوێ سەریهەڵدا، ئەو قۆناغەش بە قۆناغی دووەم، یان نەوەی دووەم (Web 2.0)ی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناونرا، ئەو قۆناغە لە ساڵی (2002) بەدامەزراندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی (Ester Friend) دەستپێدەکات(محەمەد، 2019، 7)، بەدوایدا چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی دیکەی وەک ( Twitter, Pinterest, Myspace Tumbler, Instagram, Linkedin facebook YouTube...هتد) دامەزراوە و، ئێستاش بەردەوامە و چەندینی دیکە دامەزراون (دغريري، 2017، 95)، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بە تایبەتی لە نێو چینی لاواندا. چەندین توێژینەوە لەسەر بەکارهێنانی نەوەی دووەم (Web 2.0)ئەنجامدراوە، بە تایبەتی لەسەر دەرەنجامە تەندروستیی و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییەکان، سەربارى دوودڵیەکانی ئەوەی ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بوونەتە لایەنێکی نەخوازراو یان نا(Niu, 2019, 1386) .

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین تایبەتمەندییە مەترسیدارەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:**

1. گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان کە کۆمەڵگەی هاوچەرخی پێ جیا دەکرێتەوە.، لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا تاکەکان فڕێی دەدەنە دەرەوە، بۆیە تایبەتمەندی کولتوری شێواویان هەیە. ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەس لە کۆمەڵگەی گریمانەیدا هیچ مانایەکی تێدا نەماوە و کار لەسەر ئەوە دەکەن لە ناوەڕۆک و مانا کۆمەڵایەتیەکانی خاڵی بکەنەوە (Gordon, 2017, 228 ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

2. مرۆڤ دەتوانێت کەسایەتی خۆی بگۆڕێت، ناوی تر و شوناسی تر و کەسایەتی تر بۆ خۆی دروست بکات، بەو ناو و کەسایەتییە ساختەیەشەوە کێیی بوویت و چۆنی بوویت، کەسانی دیکە بەئاسانی بریندار بکات، کێشی نەویست بیسڕێتەوە (قانع، 2018، 267).
3. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بەکارهێنان ئاسانن و تێچووی کەمیان دەوێ و، ئازادییەکی تەواو لە بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بەردەست دەخەن و، ڕێگە بەبەکارهێنەرانیان دەدەن هەمواری بیروڕاکانیان، بکەن تا باشتر گوزراشت لە بۆچوونەکانیان بکەن (بدوي، 2014، 217).
4. دروستبوونی مەترسی بۆ سەر ژیانی کچان و ژنان بەتایبەتی کاتێک ئەو پەیوەندییە تەکنەلۆژیە جۆرێک لە بەریککەوتن و پەیوەندی دەستەبەر دەکات کە ڕوانینە ئەخلاقی و دینیە باڵادەستەکان وەک نەشیاو وێنای دەکەن (قانع، 2018، 268).
5. دەزگا هەواڵگرییەکان بەئاسانی دەتوانن ئاسایشی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە تیپەڕێنن و چاودێری هەموو کەسێک بکەن (محەمەد، 2019، 20).
6. بیری توندڕەویی و توندوتیژی بڵاودەکەنەوە، دەمارگیری ئایینی و نەتەوەیی پەرەپێدەدات، هەروەک ڕوحی خۆباڵایی و خۆویستی لەلای بەکاربەر زیاد دەکات (محەمەد، 2019، 20).

## دووەم: دامەزراندن و دەرکەوتنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک

ژمارەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتاندا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە، بەڵام سەرەڕای زۆری ئەو پێگانە کەچی بەناوبانگترین و بەربڵاوترینیان پێگەی فەیسبووکە، هاتنەئارای ئەم پێگەیە ڕووداوێکی گەورەبوو لەسەر ئاستی جیهان (Buzzetto, 2012, 69). فەیسبووک پێگەیەکی تۆڕی کۆمەڵایەتییە، دەکەوێتە نێو چوارچێوەی میدیای کۆمەڵایەتی، ئەم تۆڕە ڕێگە بەتاکەکەس دەدات خۆیی بناسێنێ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان ڕێکبخەن و پەیوەندییەکانی نێوانیشیان بێنە ئارا و بەڕێوەی ببەن (Ellison, Steinfield & Lampe, 2007, 1153).

بیرۆکەی دانانی فەیسبووک دەگەڕێتەوە بۆ گەنجێکی تەمەن (19) ساڵ بەناوی مارک زوگەربێرگی ( Mark Zuckerberg) لە زانکۆی هارڤارد. کاتێک ئەو گەنجە ناتوانێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێی خۆی لە نێو هاوپۆلەکانیدا بکاتەوە، پەنا دەباتە بەر دانانی پرۆگرامێکی پەیوەندیکردن (جەمال، 2019، 13). بۆ یەکەمجار و لە (2003/10/28) مارک ئەو کاتەی خوێندکاری قۆناغی دووەمی زانکۆی هارڤارد بوو، ماڵپەڕێکی بەناوی ( Face Mach) دامەزراند، لەوێدا وێنەی چەند خوێندکارێکی زانکۆکەی تێدا بڵاوکردەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەو هەنگاوەش زوکەربێرگ سەرپێچی یاساکانی کردووە و دزەیکردە ناو تۆڕی ئینتەرنێتی زانکۆکەی، لەوێوە وێنەی خوێندکارەکانی دزە پێکرد، بەو هۆیەشەوە زانکۆی هارڤارد سزایدا و لە زانکۆ دەریکرد (محەمەد، 2019، 38).

دوای ئەوەی لە زانكۆ دوورخرایەوە، هەر هەمان ساڵ تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووكی لە چوارچێوەیەكی دیاریكراو بەناوی (The Facebook) دامەزراند. سەرەتا تەنها ڕێگە بەخوێندكارانی زانكۆی هارڤارد دەدرا ئەو تۆڕە بەكاربهێنن، لەماوەی مانگێكدا نیوەی خوێندكارانی زانكۆكە بەشدارییان لەو تۆڕەدا كرد، ئەوەش سەركەوتنێكی گەورە بوو بۆ پرۆژەكە (Boyd, 2019, 11)، دواتر لە ئاداری ساڵی (2004) لە هەنگاوی دووەمدا ڕێگە بەخوێندكارانی زانكۆكانی (ستانفۆرد، دوكۆلومبیا) درا تۆڕەكە بەكاربهێنن و ببنە ئەندام، پاشان دەرگای بەڕووی خوێندكارانی هەموو زانكۆكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و كەندا كردەوە، لە مانگی یۆنیۆی هەمان ساڵ بارەگای سەرەكی كۆمپانیاكە گواسترایەوە بۆ شاری باڵۆی ویلایەتی كالیفۆرنیا و ناوی تۆڕەكەشی لە ( The Facebook) بۆ (Facebook) گۆڕی (Nyoni, Velempini, 2018, 29).

بەڵام گەورەترین خاڵی وەچەرخانی ئەم تۆڕە لە سیپتەمبەری ساڵی (2006) ڕوویدا، كاتێك ئەو مەرجەی لابرد، كە دەبوو ئەندام خاوەنی پۆستی ئەلیكترۆنی زانكۆ یان كۆمپانیاكەی بێ، ئەوە وایكرد دەرگای خۆی بەڕووی هەركەسێك واڵا بكات، كە تەمەنی لە (13) ساڵ گەورەتربێت و خاوەنی ئەدرەسی پۆستیكی ئەلیكترۆنی كارا بێت، ئەمەش ئاستی بەكارهێنەرانی زۆر فراوانتر كردووە و ساڵانەش نوێگەری و گۆڕانكاری لە خزمەتگوزارییەكانی دەكات (ئەردەڵانی، 2011، 14).

## سێیەم: بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك

توێژینەوە زانستیەكان ئەوە دەخەنەڕوو، كە زیاتر لە (48 %) بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت لەسەر ئاستی جیهان، تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك بەكاردەهێنن، بەجۆرێك ڕۆژانە لە (10)كەس (7)یان سەردانی فەیسبووك دەكەن، ئەوەش بۆ ئەو ژینگە و تایبەتمەندییەی فەیسبووك دەگەڕێتەوە كە بۆ بەكارهێنەرانی ڕەخساندووە ( Alhabash, Ma, 2017,2). لەهەر خولەكێكدا (973) هەزار كەس هەژمارەكانیان دەكەنەوە، (510) هەزار كۆمێنت دەنووسرێن، (293) هەزار نووسین و (136) هەزار وێنە بڵاودەكرێنەوە (شالینی، 2018، 38). بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك ڕۆژ دوای ڕۆژ لەسەر ئاستی جیهان لە زیادبووندایە، تا ڕێكەوتی (2020/4/15) ژمارە و ڕێژەی بەكارهێنان لەسەر ئاستی جیهان گەیشتە (**2,221,224,497**) كەس، لەسەر ئاستی كیشوەرەكان بەكارهێنەرانی فەیسبووك وەك لە شێوەی (1) خراوەتەڕوو جیاوازە. (internetworldstats, 2020).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**شێوەی (1)** بەکارهێنەرانی فەیسبووک لەسەر ئاستی جیهان پیشان دەدات




**سەرچاوە:** napoleoncat.com & internetworldstats.com

وەک لە شێوەی (1) دەرکەوتووە بەرێژەی (39,07 %) کیشوەری ئاسیا لەسەر ئاستی جیهان بەپلەی یەکەم دێت، کە زۆترین بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی هەیە. لە ئەمریکای لاتین بەرێژەی (17,23 %) بەپلەی دووەم دێت لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک،"ئەوەش بەهۆی سەرهەڵدانی تۆڕی فەیسبووک لە ئەمریکا، بوون و ڕۆڵی کۆمپانیا گەورەکانی وەک مایکرۆسۆفت (Microsoft) و ویندۆز (Windows) و، چەندین کۆمپانیای دیکە و پەیوەندییان بەفەیسبووک، هەروەها ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای نوێ سوود وەردەگرن لە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی" (مصطفى، 2017، 38).

هەروەها کیشوەری ئەوروپا بەرێژەی (15,34 %) بەپلەی سێیەم لە بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دێ، لەلایەکی دیکەوە بەرێژەی (11,85 %) ئەمریکای باکور لەبەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەپلەی چوارەم دێ. ئەفریقیا لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەرێژەی (9,59 %) بەپلەی پێنجەم دێ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەرێژەی (6,02 %) بەپلەی شەشەم لەسەر ئاستی جیهان دێ، لە پلەی حەوتەم و کۆتاییدا کیشوەری ئوستراليا بەرێژەی (0,90 %) دێ، کە فەیسبووک بەکاردەهێنن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە و ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە خشتەی (1) تا ڕێکەوتی (2020/4/15) خراوەتەڕوو (internetworldstats, 2020).

**خشتەی (1)** ژمارە و ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و فەیسبووک لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووندەکاتەوە

| وڵاتان | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە | بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت | ڕێژە | بەکارهێنەرانی فەیسبووک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەحرێن | 1,701,575 | 0,65 | 1,615,620 | 0,85 | 1,352,500 | 1,02 |
| ئێران | 83,992,949 | 32,2 | 67,602,731 | 35,27 | 40,000,000 | 29,93 |
| عێراق | **40,026,682** | **15,34** | **29,820,000** | **15,56** | **22, 030, 000** | **16,45** |
| ئیسرائیل | 8,655,535 | 3,31 | 7,002,759 | 3,65 | 5,877,000 | 4,39 |
| ئوردون | 10,203,134 | 3,92 | 8,700,000 | 4,54 | 5,755,000 | 4,30 |
| کویت | 4,270,571 | 1,63 | 4,231,978 | 2,3 | 4,093,000 | 3,06 |
| لوبنان | 6,825,445 | 2,62 | 5,546,494 | 2,89 | 3,967,000 | 2,98 |
| عومان | 5,106,626 | 1,96 | 4,011,004 | 2,1 | 2,635,400 | 1,98 |
| فەڵەستین | 5,101,414 | 1,95 | 3,381,787 | 1,77 | 2,677,000 | 2 |
| قەتەر | 2,870,656 | 1,13 | 2,830,970 | 1,47 | 2,686,000 | 2 |
| سعودیە | 34,813,871 | 13,35 | 31,856,652 | 16,62 | 23,720,000 | 17,75 |
| سوریا | 17,500,658 | 6,72 | 7,609,286 | 3,97 | 7,609,286 | 5,69 |
| ئیمارات | 9,890,402 | 3,79 | 9,532,016 | 4,97 | 8,737,000 | 6,55 |
| یەمەن | 29,825,964 | 11,43 | 7,903,772 | 4,13 | 2,552,100 | 1,9 |
| کۆی گشتی | **260,785,482** | **%100** | **191,645,069** | **%100** | **133,691,286** | **%100** |

napoleoncat.com & internetworldstats.com

وەک لە خشتەی (1)دا دیارە تا ڕێکەوتی (2020/4/15)، ئێران بەڕێژەی (29,93 %) لە بەکارهێنانی فەیسبووک لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، سعودیە بەڕیزبەندی دووەم دێ بەڕێژەی (17,75%)، عێراق لە ڕیزبەندی سێیەمە بەڕێژەی (16,45 %)، ئیمارات لە ڕیزبەندی چوارەمدایە بەڕێژەی (6,55%)، هەرچی سوریایە بەڕێژەی (5,69 %) لە ڕێزبەندی پێنجەمدایە، ئیسرائیل بەڕێژەی (4,39%) لە ڕێزبەندی شەشەمدایە، لە ڕێزبەندی حەوتەمیشدا ئوردون دێ بەڕێژەی (4,30 %)، کویت بەڕێژەی (3,06 %) لە ڕیزبەندی هەشتەمدایە، لوبنان بەڕێژەی (2,98 %) لە ڕیزبەندی نۆیەمدایە، قەتەر و فەڵەستین بەڕێژەی (2 %) لە ڕیزبەندی دەیەم و یانزدەیەمدان، یەمەن بەڕێژەی (1,9 %) لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ڕیزبەندی دوانزدەیەمدایە، لە کۆتایی ڕیزبەندیەکەیشدا کە سیانزەمینە بەحرێنە، کە تەنها (1,02 %) تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەیسبووک بەکاردەهێنن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم داتا و ژمارانە لە ویبسایتی (Internet World Stats) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەبۆچوونی توێژەر بۆ هەندێک وڵات خەمڵێندراوە و ڕاستیەکەی جێگەی گومانە، چونکە بەپێی ئەم داتا و ژمارانە بێ ژمارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە سوریا وەک یەکە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرە بگەڕێتەوە، کە ئەو وڵاتە لە ساڵی (2013) تێیکەوتووە و تا ئێستاش (2020) درێژەی هەیە، لەبەرئەوەی لە دۆخی جەنگ و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری و ئاوارەبوونی خەڵک بوونی سەرژمێرییەکی دروست ئەستەم بێ.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەهۆی نەبوونی داتایەکی ورد و دروست توێژەر نەیتوانی ئاماژەی پێبدات، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق، کە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەشێکە لە عێراق، "ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک گەیشتۆتە (22, 030, 000) کەس، واتا ڕێژەی (52,6 %) دانیشتوانی عێراق فەیسبووک بەکاردەهێنن، کە (71,3 %)ی پیاوان و (28,7 %)ی ژنان فەیسبووک بەکاردەهێنن، داتاکان ئەوەش دەخەنەڕوو گرووپی تەمەنی نێوان (25–34) زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە عێراق پێکدەهێنن، بەشێوەیەک گەیشتۆتە نزیکەی (8,800,000) کەس" (NapoleonCat, 2020).

**شێوەی (2)** بەکارهێنەرانی فەیسبووک بەپێی ڕەگەز لەسەر ئاستی عێراق پیشان دەدات






DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## بەشی سێیەم

## مەترسیەکانی فەیسبووک لەسەر کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە

لێرەدا بەچەند خاڵێک باس لە مەترسییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن لەسەر ئەو کێشە و گرفتانە دەکەین، کە هەڕەشە لە تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەکەن، **ئەوانیش بریتین لە:-**

### 1. لادان و تاوان:

یەکێک لەو بابەتانەی هەمیشە هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات بریتیە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و لادان لە کۆمەڵگەدا "لادان بریتیە لە دوورکەوتنەوەی تاک لە ئاراستە دیاریکراوەکان و کۆتایهێنان بەپرنسیپ و پێوەرەکان و خۆکەنارگرتن لە هەڵسەنگاندنە باشەکان، تاوان و لادان شێوازی جۆراوجۆری هەیە، هەندێکیان پەیوەستە بە تاوانی پەلاماردانی تاک، یان تاوانی پەلاماردانی سەر سەروماڵ و موڵکی خەڵک، یاخود تاوانی زیانگەیاندن و دژ بەئاکارە بەرکارەکان، هەندێ شێوەی لادانیش دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستمی کۆمەڵایەتی وەک خوگرتن" (یوسف، 2016: 287).

توێژینەوەکان ئەوە پیشاندەدەن چەندە ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگە بەرز بێ، ئەوە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ نەبوونی سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا ، "هەر کاتێک تاک پەیوەست و سەرسامبوونی بەبەهاکانی لەدەستدا، کە هۆکارێکە بۆ پارێزگاریکردن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتە هاوسەنگەکانی لە کۆمەڵگە، ئەوکات بێ دوودڵی هەر کارێک بخوازێ ئەنجامی دەدات، لەوانەش زیان بەتاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێ و تاوان ئەنجام دەدات" (هرزاني، 2005: 123)، "ڕاگەیاندنیش بەهۆکارێک بۆ بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوان و لادان لە کۆمەڵگە دادەنرێ، بەتایبەت ئەو ڕاگەیاندنانەی کە سیخناخن بەڕوداوی ناکۆکی و توندوتیژی و ململانێی" (هرزاني، 2005: 115). لە سەردەمی ئەمڕۆدا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە زیادبوونی ڕێژەی تاوان.

بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (2020/4/29) تاوانێکی دزیکردن لە مارکێتێکی قەزای خەبات لە پارێزگای هەولێر ڕوویدا، پەیجێک بەناوی (ئێستا) چووە شوێنی ڕووداوەکە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، "لەگەڵ باسکردن لە وردەکاری شێواز و چۆنیەتی دزیکردنەکە، وێنەی شوێنەکە و چۆنیەتی چوونە ژوورەوە شکاندنی سندوقی پارەکەی پیشاندا، لەگەڵ پیشاندنی پاشماوەی ئەو مەوادانەی کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگر بەکار دێ، لە ئەگەری دروستبوونی ئاگر لەکاتی شکاندنی قاسەکاندا".

لەلایەکی دیکەوە، لە ڕێکەوتی (2020/5/2) لە هەولێر تەرمی پیاوێک دوای چوار ڕۆژ لە ونبونی دەدۆزرێتەوە، پەیامنێری (ڕووداو) دەچێتە ماڵی قوربانیەکە و لە لاپەڕەی کەناڵەکەدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ باسی لە ڕووداوەکە کرد و وتی:" بەپێی زانیارییەکان کەسەکە مردارکراوەتەوە!، پاشان پرسیاری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

وردەکاری ونبون و ونبونی شوێنی ونبونی لە برای قوربانیەکە دەکات، ئەوەش لە وەڵامدا ئاماژە بەشوێنێک دەکات و دەڵێ: "ئەو شوێنە هیچ کامێرای چاودێری لێ نیە تەرمی براکەم لەو شوێنە دۆزراوەتەوە"، هەروەها لە ڕێکەوتی (2019/10/14) لە لاپەڕەی (کەناڵی کوردستان24) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (ئەو کەسەی لە هەولێر باوکی خۆی کوشت هۆکار و چیرۆکی کوشتنی باوکی دەگێڕێتەوە)، کەناڵی (NRT)یش لە لاپەڕەی خۆی لە فەیسبووک لە ڕێکەوتی (2020/4/13) هەواڵێکی بەم ناونیشانە بڵاوکردۆتەوە (بەڤیدیۆ..دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتێکی خاوەن پێداویستی تایبەت کاردانەوەی لێکەوتەوە)، هەمان هەواڵ لە لاپەڕەی (ژیان میدیا) بەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە (بەڤیدیۆ؛ لە پردێ دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر ژنێکی کوردی خاوەن پێداویستی تایبەت) هەروەها لە ڕێکەوتی (2020/4/21) لە لاپەڕەی باسنیوز لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هەواڵێک بەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە (بەوێنە ڕەبایەکانی پەکەکە لە چیای قەرچوغ ببینە)...هتد، ئەمانە و چەندین هەواڵ و ناونیشانی دیکە سەبارەت بەتاوان و کەتن و لادان ڕۆژانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاودەکرێنەوە.

شارەزاییانی بواری ڕاگەیاندن ئاماژە بەوەدەکەن "بڵاوکردنەوەی ئەم هەموو هەواڵە لەبارەی تاوان و لادان لایەنی نەرێنی زۆرە و دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ لەلای خەڵک، بەشێوەیەک ڕادەی هەستکردن بەئاسایش و ئارامی کەمدەکاتەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی وردەکاری تاوانەکان کاریگەری خراپ لەسەر باری دەروونی ئەندامانی کەسی تاوانکار و تاوانلێکراو دروست دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە باسکردنی شێواز و وردەکاری تاوانەکان دەرفەتێک دەدات بەتاوانبار لەکاتی دەستگیرکردندا شێوازی دانپیانانەکەی گۆڕانکاری تێدا بکات، هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە بەنیازی ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوەن، سوود لە کەموکوڕییەکان وەردەگرن و تا تاوانەکانیان بەشێوازێکی باشتر ئەنجام بدەن، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە دەبێتە هۆکارێک تا تاکەکانی کۆمەڵگە فێری ئەنجامدانی تاوان ببن" (أبوضاحي، 2018، 75).

لەسەر ئاستی کوردستان داتا و ئامارەکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان ئەوە پیشان دەدەن، لەماوەی (2010–2019) تاوان و کەتن بەهەموو جۆرەکانیەوە لە سنوری پارێزگای هەولێر ڕوو لە هەڵکشانن، بەشێوەیەک لە ساڵی (2010) تەنها (11029) تاوان و کەتن ئەنجامدراوە، بەڵام لە ساڵی (2017) ژمارەکە گەیشتۆتە (18052)، لە ساڵی (2018) ژمارەکە گەیشتۆتە (14819) (krjc.org, 2020A)، ئەم هەڵکشانەش هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەتایبەت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەهۆی نەبوونی یاسایەکی سەرەدەمیانە و نەبوونی شارەزایی و کەمی ڕۆشنبیری بەکارهێنان و لەلای بەکارهێنەران چەندین کێشەی خێزانی و کەسی و کۆمەڵگەیی بەدوای خۆیدا هێنا.

**شێوەی (3)** تاوان و کەتنی گەورە و نەوجەوان لە سنوری پارێزگای هەولێر پیشان دەدات



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020




سەرچاوە: krjc.org

ئەو ژمارانە ئەوە پیشان دەدەن لەگەڵ بڵاوبونەوەی فەیسبووک ژمارەی تاوان و کەتن لە سنوری پارێزگای هەولێر زیادیکردووە، "زیادبوونی ڕێژەی تاوان لەهەر کۆمەڵگەیەک کاریگەری زۆری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی "بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی کەشێکی ناسەقامگیر ونادڵنیایی لە هەموو بوارەکاندا، کە تیایدا هاوڵاتییان هەست بەسەلامەتی گیان و سەروەت و سامانیان نەکەن، هەروەک دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەشەپێدان، گەشەپێدانیش جەوهەری ئاسایشی کۆمەڵایەتیە" (عبدالرحمن، 2019، 86).

## 2. خۆکوشتن:

خۆکوشتن کە بەدیاردە و گرفتێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەپێی داتا و ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی "ساڵانە زیاتر لە (800000) هەزار کەس لەسەرتاسەری جیهان خۆیان دەکوژن، لەو ژمارەیەش ڕێژەی (75.5 %) لەو وڵاتانەن کە داهاتیان کەم و مامناوەندە، ڕێژەی (24.5 %) لەو وڵاتانەن کە داهاتیان زۆرە، ئاماژە بەوەش دەکات کە خۆکوشتن بەپلەی سێیەمی مردن دێ لەناو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (15–19) ساڵاندایە (Who.int, 2020).

خۆکوشتن، کە چەندین هۆکاری وەک (ئابووری، سیاسی، ئایینی، دەروونی و کۆمەڵایەتی) لە پشتە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ڕادەی کاریگەری هۆکارەکان دەگۆڕێن، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە (دابونەریت، توندوتیژی، پیاوسالاری، هاوسەری زۆرەملێ، فرەژنی، ناکۆکی خێزانی، جیابوونەوە و شکستهێنان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خراپبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ..هتد)، لە دیارترین هۆکارەکانن (فائق، 2019، 263).

بەگوێرەی نوێترین توێژینەوە دەرکەوتووە، بایەخدانی زۆر بەهەواڵەکانی خۆکوشتن ڕێژەی ئەو تاوانەی لەناو لاواندا زیاتر کردووە، بەتایبەت ئەو هەواڵانەی پەیوەستن بەسیمبول و کەسایەتییە ناسراوەکان (محمەد، 2019،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

150)، هەر بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن هەیە، لەبەردوو هۆکار یەکەمیان بەهۆی ئەو هەواڵانەی لەبارەی خۆکوشتن بڵاودەکرێتەوە، دووەمیش بەهۆی زۆری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنە و زانیاری لەبارەی شوێنی کاتبەسەربردن و خۆشگوزەرانی، لەکاتێکدا زۆرێک لە تاکەکان دەستیان بەو شوێنانە ناگات (ناجی، 2017).

لە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا داتایەکی ورد و دروست لەبارەی خۆکوشتن و هۆکارەکانی خۆکوشتن بەردەست نیە، بەڵام تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەتایبەت و تۆڕەکانی دیکە بەگشتی چەندین هەواڵی خۆکوشتن بڵاودەکەنەوە، بۆ نمونە لە لاپەڕەی کەناڵی ڕووداو لە فەیسبووک لە ڕێکەوتی (2020/4/13) هەواڵێک بەناونیشانی (لە گەڕەکێکی هەولێر گەنجێک خۆی دەکوژێت) بڵاوکراوەتەوە، لە هەواڵەکەدا پەیامنێرەکە چۆتە شوێنی ڕووداوەکە و لەگەڵ گێڕانەوەی هەواڵەکەدا "ناوی سیاسی خۆکوژەکە و تەمەن و ڕەگەزی باس دەکات، لەگەڵ ئاماژەکردن بەجۆری ئۆتۆمبێلەکەی و شێوازی هاتنی و ئەو جلوبەرگەی لەبەری بووە، ئینجا ئاماژە بەژمارەی ئەو نهۆمە دەکات، کە خۆی تێدا فڕێ داوەتەوە خوارەوە و وێنەکەش ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش باس لەو کەلوپەلانە دەکات کە لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا هەبووە"، هەمان هەواڵ لە لاپەڕەی (کوردستان24) لە فەیسبووک بەم ناونیشانە (هەولێر..گەنجێک لە باڵەخانەیەکی پێنج نهۆمی خۆی فڕێدایە خوارەوە) بڵاوکرایەوە.

لەلایەکی دیکەوە لاپەڕەی کەناڵی ئاسمانی (NRT) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە ڕێکەوتی (2020/5/1) هەواڵێکی بەناونیشانی (باوکێک خۆی و کچەکەی کوشت) بڵاوکردەوە، پەیامنێرەکە لە گێڕانەوەی هەواڵەکەدا باسی (کات و شوێن، تەمەن، چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە و هۆکارەکەی دەکات)، پاشان لە زاری شایەدحاڵێک و قایمقامی شوێنەکە بەشێوەیەکی سەرەنجڕاکیش درێژە بەگێڕانەوەی ڕووداوەکە دەدات، هەمان ڕووداو لە لاپەڕەی فەیسبووکی کەناڵی ڕووداو بەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە (پیاوێک بەنارنجۆک هێرش دەکاتە سەرماڵی زاواکەی)، بەشێوازێکی وردتر باسی ڕووداوەکە دەکات، تەنانەت وێنەی کەسە خۆکوژەکە پیشان دەدات، لەگەڵ ئاماژەکردن بەناو و تەمەن و پیشەی تا بڵاوکردنەوەی ئەو گۆرانیەی کە کەسە خۆکوژەکە لە دواین پۆستی فەیسبووکی داناوە. ئەم هەواڵە لە لاپەڕەی فەیسبووکی (Kurdsatnews) و (kurdistanTV) بەشێوازی جیا بڵاوکرایەوە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێیوایە بایەخدانی ڕاگەیاندن بەهەواڵەکانی خۆکوشتن ئەو دیاردەیە پەرەپێدەدات، لەو چوارچێوەیەدا ئاژانسی ئەسۆشێتد پریسی ئەمریکی ڕێکارەکانی چۆنیەتی مامەڵەکان لەگەڵ هەواڵەکانی خۆکوشتن بەمشێوەیە دیاریکرد، بڵاوکردنەوەی تەکنیکەکانی خۆکوشتن و وردەکارییەکانی پەیوەست بەگرفتەکانی کەسی خۆکوژ بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕانی دەروونی کارێکی نەگونجاوە، دەبێ شوێنی بڵاوکردنەوە و زانیارییەکان ناڕۆشن و کەم بایەخ بێت و خەسڵەتی وروژاندنی تێدا نەبێت (محەمەد، 2019، 152).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

توێژینەوەیەکی زانستی چەند ڕاسپاردەیەک دەخاتەڕوو، تا میدیاکاران لە ڕومالّکردنی هەواڵی خۆکوشتن پێوەی پابەند بن، داوا دەکات میدیاکاران خۆیان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی چارەسەر، سەرکەوتوو، شکستخواردوو لە وەسفی پرۆسەی خۆکوشتن بەدووربگرن، لە ناونیشانی سەرەنجڕاکێش و دووبارەکردنەوەی زانیارییەکان خۆتان ببوێرن، لە بری وشەی خۆکوشتن باشترە بوترێ بەکارەساتێک کۆچی دواییکرد، خۆبەدوورگرتن لەخستنەڕووی وردەکارییەکانی خۆکوشتن و ئامرازە بەکارهێنراوەکان و تەنانەت شوێنی ڕووداوەکەش، نابێ وێنە ڤیدیۆی کەسی خۆکوژ بڵاوبکرێتەوە، خۆبەدوورگرتن لە خانەوادەی خۆکوژەکە، تا خەڵکی هاوشێوە هەمان ڕێکار دووبارە نەکەنەوە، هەواڵەکە ڕێنمایی و هۆشیاری دەروونی و ئاینی لەخۆبگرێت (محەمەد، 2019، 156).

## 3. توندوتیژی خێزانی:

توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی یەکەم لە یاسای توندوتیژی خێزانی بەمشێوەیە پێناسەکراوە "هەر کردارێک، یان گوفتارێک یاخود هەڕەشەکردن پێیان لەسەر بناغەی جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە خێزانییانە لەسەر بونیادی هاوسەری و خزمایەتی تا پلەی چوارەم و، دواتر بەستنەوەی بەخێزانەوە بەیاسا، کە لە توانایدا بێت زیانێک بەلایەنی جەستەیی، یان سێکسی و دەروونی بگەیەنێت و خراپ بێت بۆ ماف و ئازادییەکانی بەتوندوتیژی دادەنرێت (فەرەج، 2017، 47). توندوتیژی خێزانی پەیوەست بەکۆمەڵێک هۆکار، کە لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە هۆکارەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ، یەکێک لە هۆکارە تازەکانی زیادبوونی توندوتیژی تەکنەلۆژیای مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەت بڵاوبونەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بەپێی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئەو تۆڕە لە کوردستان ڕادەی بەشێک لە توندوتیژییەکان لە سنوری پارێزگای هەولێر زیادیان کردووە، (Bgtakrg.org, 2020).

**خشتەی (2)** ئاماری توندوتیژییەکان خێزانی لەماوەی (10) ساڵ لە پارێزگای هەولێر دەخاتەڕوو

| توندوتیژییەکان | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوشتن | 26 | 21 | 22 | 28 | 21 | 20 | 9 | 18 | 14 | 16 | **195** |
| خۆکوشتن | 12 | 11 | 9 | 15 | 19 | 23 | 21 | 28 | 15 | 20 | **173** |
| سووتان | 102 | 78 | 114 | 100 | 73 | 68 | 76 | 85 | 47 | 59 | **802** |
| خۆسووتان | 64 | 43 | 45 | 46 | 32 | 52 | 25 | 43 | 33 | 37 | **420** |
| سکاڵا | 1123 | 983 | 1213 | 1548 | 2475 | 2796 | 2194 | 3039 | 3419 | 4320 | **23110** |
| سێکسی | 35 | 18 | 22 | 8 | 12 | 10 | 7 | 34 | 32 | 41 | **219** |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

سەرچاوە:Bgtakrg.org

لە خشتەی (2) ئەوە نیشان دەدات، کە لەسەرەتای بڵاوبونەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک توندوتیژییەکانی وەک (کوشتن، سووتان) زیادیکردوە، بەڵام لە ساڵانی دواتر کەمیکردوە، چونکە "لەسەرەتای دەرکەوتنی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستان ئەگەر کچێک داوای هاوڕێیەتی لە کوڕێکەوە بۆ بهاتایە، یان نامەیەکی بۆ بهاتایە...هتد، لە پێناو پارێزگاریکردن لە مەسەلەی (حەیا، حورمەت، شەرەف، ئەخلاق، وەفا، چاکە، خراپە) ڕووبەڕووی توندترین توندوتیژی دەبوەوە تا ڕادەی کوشتن و سووتان" (ڕەفیق، 2013، 133)، بەڵام لە ساڵانی دواتر خشتەکە ئەوەمان پیشان دەدات، کە توندوتیژییەکانی (خۆکوشتن، خۆسووتاندن، سکاڵا، سێکس) زیادیکردوە، ئەوەش بەشێکیان پەیوەستە بەبڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتی فەیسبووک باس لەو بابەتانە دەکەن.

بۆ نمونە لە ڕێکەوتی (2020/1/22) پیاوێکی ئاینی بەناوی مامۆستا (هەڵۆ حەمەڕەشید) لەلاپەڕەی خۆی لە فەیسبووک نووسیویەتی: "ئەزانن گەواد کێیە؟! گەواد ئەو کەسەیە ڕێگە دەدات، کە کچەکەی یان ژنەکەی بەسفوری لەماڵ بچێتە دەرەوە و بەلاشیەوە ئاساییە!!، بە پشت بەستن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) شیکردنەوەی بۆ قسەکەی دەکات"، ئەوەش کاردانەوەیەکی زۆری پشتگیری و دژایەتی لە فەیسبووک لێکەوتەوە، چونکە ئەو جۆرە لێدوانانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندتیژی خێزانی و تەشەنەسەندنی ناکۆکییە خێزانیەکان، کە ڕەنگە خۆسووتاندن، یان خۆکوشتنی ژنان و کچانی لێبکەوێتەوە، هەروەها لە ڕێکەوتی (2020/2/4) لە لاپەڕەی (کوردستان TV) لە فەیسبووک هەواڵێک بەم ناونیشانە (دایکێک لە ژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەی خۆی کوشتووەو لە دۆڵێکدا فڕێیداوە) بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە لاپەڕەی کەناڵی ڕووداو لە فەیسبووک لە ڕێکەوتی (2020/2/5) هەواڵێک بەناونیشانی (دوای ئەوەی دەمەقاڵێیان دەبێت، تەورێک لە پشتی هاوژینەکەی دەدات و دەیکوژێت)، هەمان هەواڵ لە (Spee Media) بڵاوکراوەتەوە.

لە ڕێکەوتی (2020/2/6) دیسان لەلاپەڕەی (کەناڵی ڕووداو) لە فەیسبووک لەگەڵ دانانی وێنەی پەیامنێرەکەیان هەواڵێکی بەم ناونیشانە بڵاوکردۆتەوە (بینەرم بن، چیرۆکی جیاوازی خەتەنەکردن مێینەتان لەناوچەکانی کوردستان پێ دەڵێم، لەهەندێک ناوچە بە پێنج هەزار دینار بەنهێنی خەتەنەی کچان دەکرێت). لە ڕێکەوتی (2020/2/14) لە پەڕەی فەیسبووکی میللەت هەواڵێک بەم ناونیشانە (هاوڵاتیەک خوشکەکەی خۆی کوشت) بڵاوکراوەتەوە، هەر لە هەمان لاپەڕە و لە ڕێکەوتی (2020/2/16) نوسراوە (کچێک دایکی خۆی سەربڕی...هۆکاری سەربڕینەکەی ئاشکرا دەکات)، لە ڕێکەوتی (2020/2/22) لەلاپەڕەی ژیان میدیا لە فەیسبووک هەواڵێک بەمشێوەیە بڵاوکرایەوە (کچێنیم فرۆشت بەسێ هەزار دۆلار)...هتد، هەر لەهەمان لاپەڕە و لە ڕێکەوتی (2020/5/13) هەواڵێک لەگەڵ وێنەی قوربانیەکە بەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە (ژنێک ئەندامی نێرینەی هاوسەرکەی بەچەقۆ دەبڕێت)، لەم هەواڵەدا دیسان بەوردی باس لە هۆکار و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە لە زاری ژنەکە کراوە!



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

بەپێی توێژینەوەیەک لە هەرێمی کوردستان (123) ئەکاونت و لاپەڕەی فەیسبووک تایبەت بەپۆڕنۆ و سێکس هەیە، کۆی ئەوانەی فۆلۆ و لایکیان کردوە (367) هەزار بەکاربەرە، لەسەرجەمیان هاندان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێکارەکانی لەشفرۆشی و هاندانە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سێکس لە دەرەوەی خێزان و ویستی کەسەکان (محەمەد، 2019، 120). ئەم لاپەڕانەو بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە بەو شێوازانە ئاستی توندوتیژییەکانی دژ بەژنان و خێزان بەرزتر کردۆتەوە.

## 4. جیابوونەوە:

خێزان بە پایەکی گرنگ لە پایەکانی بونیادی کۆمەڵگە دادەنرێ، تێکچوونی شیرازەی خێزان و جیابوونەوەی ژن و مێرد کاریگەری لەسەر ئاستی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکات، بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە، لەبەرامبەردا کەمبونەوەی پرۆسەی هاوسەری ئەو ئەنجامە دەردەخات، کە دەزگای خێزان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لە تەنگەژەیەکی قوڵ و ترسناکدایە، ئەگەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی جێگیر نەبێت، ئەوا گشت سێکتەرەکانی ژیان لە ئاراستەی ئاسایی خۆیان دەچنە دەرەوە و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێت (دری، 2019، 41).

هەربۆیە خێزان بەپایەکی گرنگی پاراستنی یەکانگیری کۆمەڵگە دادەنرێ بەتایبەت بۆ دەستپێوەگرتن و پارێزگاریکردن لەبەها باشەکانی کۆمەڵگە، بەڵام جیابوونەوە دەبێتە بەربەرستێکی گەورە لەبەردەم جێبەجێکردن و گەیاندنی ئەو پەیامەی خێزان، هەروەها خێزان بەئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، کە ئەرکی بریتیە لە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕاهێنانی تاکەکان، بەشێوەیەک لەگەڵ پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە یەکبگرێتەوە (سمیر، 2009: 97).

لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و فەیسبووک بەتایبەت بۆتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان لە کوردستان، بەشێوەیەک لەهەندێ کاتدا هاوسەران ناتوانن ئەرکە خێزانیەکانیان وەک پێویست ڕاپەڕێنن، یان بەهۆی فەیسبووک پەیوەندی ڕێگەپێنەدراو لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دروست دەکەن و بایەخدانی جارانیان بەهاوسەرەکانیان نامێنێ، ئەوە جگە لە باسکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جیابوونەوە بەتایبەت جیابوونەوەی ئەکتەر و خانمە مۆدێلەکان، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (2020/1/19) لەلاپەڕەی (چاو) لە فەیسبووک، کە نزیکە (400) هەزار فۆلۆ و لایکی هەیە، لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژنێک نووسراوە (دوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی، ئەرکی دایکایەتی و باوکایەتی منداڵەکانی کەوتە ئەستۆ)، ناوەڕۆکی هەواڵەکە زیاتر هاندانی ژنان بۆ جیابوونەوەی لێبەدی دەکرێ، کەمتر باسی لە ئەرکی دایکایەتیکردوە.

هەروەها لە فەیسبووک لاپەڕەیەک بەناوی (شاجوانی شەقامەکان) هەیە، لە ڕێکەوتی (2020/2/12) لەسەر ئەو لاپەڕەیە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەی خۆی و هاوسەرەکەی نوسراوە (پاش مانگێک گەڕانەوە بۆ لای هاوسەری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پێشووی، لە ئیستادا دەنگۆی ئەوە هەیە، کچە مۆدێل هەنسک ئەحمەد جارێکی دیکە لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە)، هەروەها لەلاپەڕەیەکی دیکەی فەیسبووک بەناوی (باخچە) کە زیاتر لە (500) هەزار فۆلۆ و لایەکی هەیە، لە ڕێکەوتی (2020/2/15) لەگەڵ دانانی وێنەکەی نووسراوە (گومان دەکرێت شێنێ هۆشیار دوای کەمتر لە مانگێک لە هاوسەری دووهەمی جیابووبێتەوە)، هەر هەمان ڕۆژ لە لاپەڕەی (باسنیوز) لە فەیسبووک هەواڵێک بەم ناونیشانە (هونەرمەندێک لە ڕۆژی خۆشەویستیدا هاوسەرەکەی تەڵاقدا) بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی ڕووداو لەفەیسبووک لە ڕێکەوتی (2020/4/24) هەواڵێکیان بەم ناونیشانە بڵاوکردەوە (دایکی نەیمار و ئەو گەنجەی 22 ساڵەی پەیوەندی خۆشەویستیان هەبوو جیابوونەوە)، بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە دەربارەی جیابوونەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک بە" ئاسانی خۆشەویستێک بۆ یەکێکی تر، هاوسەرێک بۆ یەکێکی تر بگۆڕن، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە هیچ بەربەستێکی نامووسی و ڕەوشتیان بۆ دروست بکات، تاک سزا نادرێ و بەچاوی نەنگیەوە تەماشا نەکرێت، ئەگەر هەست و سۆزەکانیان بەرامبەر بەیەکێکی تر و بەشێوەیەکی ئاشکراو لەڕوو لە بەرامبەر کۆمەڵگە بخاتەڕوو، یان باسی بکا" (خەلیل، 2002، 227).

بەپێی داتا و ئامارەکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی (2010–2019) لە سنووری پارێزگای هەولێر ساڵدا (**27209**) حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراوە، بەشێوەیەک ڕێژەی جیابوونەوە لە ساڵی (2010) تەنها (11.32 %) بووە، بەڵام تا مانگی (9) ساڵی (2019) ڕێژەکە بەرز بۆتەوە و گەیشتۆتە (21.84 %) (krjc.org, 2020B).

**شێوەی (4)** ئاماری جیابوونەوە لە نێوان (2010–2019) لە پارێزگای هەولێر پیشان دەدات




**سەرچاوە:** krjc.org

شێوەی (4) ئەوە پیشان دەدات، کە زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنەرانی فەیسبووک، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن "خێزان بریتیە لە یەکەمین هێلی بەرگری ئاسایشی کۆمەڵگە، بەشێوەیەک سەقامگیری دەروونی فەراهەم دەکات، پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگە توندوتۆڵ دەکات، کاتێک خێزان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ڕووبەڕووی لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە دەبێ دەرگای خراپە و گەندەڵی بەڕووی کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە"(الصفار، 2008: 34)، چونکە ڕێژەی تاوان و لادان لە کۆمەڵگە زۆر دەبێ، خێزان لەو دۆخەدا ناتوانێ وەک جاران ڕۆڵی بونیادنانی خۆی بگێڕێ، ناتوانێ ئەندامەکانی لە تاوان و لادان بپارێزێ" (المري، 2006 :45). بۆیە ئامارەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت فەیسبووک هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە.

## 5. فێڵ و پێشێلکردنی ژیانی تایبەت:

یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەبەرامبەر تاوانەکانی وەک: هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن و دزەکردن بەگفتوگۆ و وێنە و گرتەی ڤیدیۆی و بڵاوکردنەوەی کورتیلەنامەی نەشیاو و جنێوئامێز...هتد، سزای پێویستی دیاریکردوە، بەڵام سەبارەت بەو کەس و گروپانەی کە بەشێوازێکی ڕێکخراو و پلاندارێژراو ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن، بەهیچ جۆرێک یاسادانەر وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداوەتەوە، ئەوانەی وەک گروپیش ماف و ژیانی تایبەتی پێشێل دەکەن هەر ماددەی (2) یاساکە بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێ (فەوزی، 2020، 205).

(هۆگر عەزیز)ی وتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێ: "لە ساڵی (2018) ژمارەی ئەو کەسانەی بەتۆمەتی خراپ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەستگیرکراون (328) تۆمەتبار بووە، بەڵام لە ساڵی (2019) ژمارەکە کەمبۆتەوە بۆ (119)، ئەوەش بەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک و ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر ڕێژەکە کەمیکردووە". سەبارەت بەو تاوانەی ئەنجامدراوە دەڵێ: "تاوانەکان جۆراوجۆرن، بۆ نموونە باند هەبووە فەیسبووکیان داناوە، کوڕێکیان کە زیاتر جوان و بەرچاو بووە، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچان داناوە، بەتایبەت کچانی خاوەن سەرمایە و دەوڵەمەند، دواتر پارەیان لێوەرگرتوون، لەبەرامبەر بڵاونەکردنەوەی وێنەکانیان، بۆ ئەوەش چەندین دەفتەر دۆلاریان لە کچان سەندبوو.

هەروەها لە گروپەکانی کچان و ئافرەتان لە فەیسبووک بەتایبەت ئەوانەی باس لە جوانکاری و خواردن دەکەن کوڕ هەیە چۆتە ناو ئەو گروپانە و لە ڕێگەی کۆمێنت و لایک پەیوەندییان لەگەڵ کچان بەستووە و دواتریش وێنەیان لێوەردەگرن، پاشان وێنەی ڕووت، ئینجا هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان کردوە. هەروەها تاوانەکانی دیکە بریتیبوون لە هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، هەڕەشەکردن، زیانگەیاندن بەدامەزراوە و کەلوپەلی گشتی، سێکس، بەدەستهێنانی پارە، فریودان و ساغکردنەوەی کاڵەکانیان بەتایبەت کاڵای خراپ، خیانەت و جیابوونەوە...هتد".

لەلایەکی دیکەوە لە ئەکاوتنی بەکاربەران و لاپەڕەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە فەیسبوک چەندین جار پێشێلکردنی تاک بەرچاو دەکەوێ، وەک ئەوەی لە مانگی (2020/2) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چاوپێکەوتنی کوڕێک بەناوی (سەردار) بڵاوکرایەوە، کە بەزمانێکی سادە ڕەخنەی لە حکومەت و دەسەڵاتداران دەگرت، پاش چەند ڕۆژێکی دیکە دیسان چاوپێکەوتنێکی هەمان کوڕ بڵاوکرایەوە و لەگەڵ قسەکردن و پەشیمانبوونەوەی گیانی دەلەرزی، هەروەها لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لاپەڕەیەک هەیە بەناوی (بێ سنوور)، لە ڕێکەوتی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

(2020/1/16) لەسەر ئەو لاپەڕەیە ڤیدیۆی نەخۆشێک لەو نەخۆشانە بڵاوکراوەتەوە، کە تازە سڕکردن (بەنج) بەریداوە و کۆمەڵێک قسەی نەشیاو دەکات، بەهەزارن بینەریشی هەبووە، لە لاپەڕەی کەناڵی (NETTV) لە فەیسبووک لە ڕێکەوتی (2020/2/14)، لەگەڵ دانانی وێنەکەی نووسراوە (شێتێ بۆ یەکەمجار ناوی خۆشەویستەکەی ئاشکرا دەکات)، لەسەر هەمان لاپەڕە، بەڵام لە ڕێکەوتی (2020/2/22) لەگەڵ دانانی وێنەکەی نوسراوە (یاریجان باسی ماچەکەی و تاتۆکانی دەکات)، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لاپەڕەیەک هەیە بەناوی (کێشەی کۆمپیوتەر)، کە زیاتر لە (3) ملیۆن لایک و فۆلۆی هەیە، لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان، پیاوێکی ئاینی بەناوی (مەلا ڕەشید) بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانی لەدەستدا، لە ڕێکەوتی (2020/3/5) لە لاپەڕەی فەیسبووکی کێشەی کۆمپیوتەر وێنەی مامۆستا ئاینیە بڵاوکرایەوە، هاوکات ڤیدیۆی ناشتنەکەشیان بڵاوکردەوە، ئەوەش کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا!

پێشێلکردنی ماف و ژیانی تایبەتی یەکێکە لە کێشە هەرە دیارەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام ئەم کێشەیە لە فەیسبووک زۆر زیاتر بووە، "لە هەرێمی کوردستان و لە برگەی (4)ی یاسایی ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستاندا هاتووە "هەر بابەتێک پەیوەندی بە نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێت، هەرچەندە ڕاستیش بێت، بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەدارکردنی، ئەوا قەدەغەیە" (محەمەد، 2017: 139)، بەڵام وەک پسپۆڕانی بوارەکە باسی دەکەن لە ئێستادا "هاوڵاتیان مافیان دەخورێ و ناویان بێ بنەما دزرێ، ئەوە قەیرانێکی گەورەیە و هەموو لایەک بەدەستیەوە دەناڵێنن" (سەپان، 2012: 146)، ئەوەش گرفتی گەورەی لەسەر باری کۆمەڵایەتی تاکەکان دروستکردووە و چەندین کێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە.

## 6. تیرۆر و توندڕەوی:

تیرۆر وەک پەتایەکی کوشندە کاریگەریی زۆری لەسەر تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەیە، "هەژاری، دواکەوتوویی، نایەکسانی، نەبوونی ڕوحی لەیەکگەیشتن و گفتوگۆیی دیموکراسی، بەشدارییپێنەکردنی سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان لە دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبردن ...هتد، بەهۆکارە دیارەکانی تیرۆر دادەنرێن (الحیدري، 2015: 35)، لەگەڵ ئەوەشدا "کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەی تیرۆرستان هەیە، سەرەنجی ئەوە دراوە کە تیرۆرستان بەڕادەیەک گرنگی بە ڕاگەیاندن دەدەن، ئەگەر لە ڕووی میدیایەوە فەرامۆش بکرێن ئازاری پێدەکێشن، بەپێچەوانەی تاوانبارە ئاساییەکان، زۆرینەی تیرۆرستان خۆبەخشانە پەیوەندی بەئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەکەن و زۆر پێداگرن لەسەر بڵاوکردنەوەی بایەخدان و بیروباوەڕ و چالاکیەکانیان" (العموش، 1999: 85)، چونکە "بڵاوکردنەوەی وێنەی کردەوە تیرۆرستییەکان دەبێت بەکارێکی پروپاگەندەیی بۆ تیرۆرستان و زیاتر هانیان دەدات تا کردەوەی تر ئەنجام بدەن (عەلی، 2019، 6)، لەهەمانکاتدا "ڕۆماڵی کردە تیرۆرستییەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ تیرۆرستان وەک پاداشت و خەڵاتکردنیانە لەبەرامبەر کار و تاوانەکانیان، چونکە دەرفەتی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ئەوەیان پێدەدات لەگەڵ جەماوەر بدوێن و هۆکاری ئەنجامدانی کارە تیرۆرستیەکانیان ڕوونبکەنەوە" (مصطفى و، خضر، 2020، 592).

"داعش هەر لەسەرتاوە پەی بەگرنگی سوشیال میدیا بردبوو بۆ ئەنجامدانی پرۆپاگەندەی سیاسی، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (The Independent)ی بەریتانی یەکێک لەو کارانەی داعش کردی دروستکردنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بوو بەناوی (Khelafabook) خیلافە بووک بوو" (ئەحمەد، 2019، 11). بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر لە کوردستان برگەی(2)ی ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2006)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن لە هەرێمی کوردستان دەڵێ، "هەر کەسێک: بەئەنقەست، هەواڵ، ڕوونکردنەوە یاخود پرۆپاگەندەیەکی تۆقێنەر بڵاوبکاتەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندن بینراو، بیستراو، خوێندراو، یان ئەلیکترۆنی بەهەل وەربگرێت، یان بەکاریانبێنێت، لە ئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە ڕاستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها، کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوە و ترس بخاتە نێو هاوڵاتیان و هەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بکات سزا دەدرێت بە(15) ساڵ زیندانی کەمتر نەبێت" (محەمەد، 2017: 156).

سەرباری بوونی ئەو ماددە یاسایە، بەڵام لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگەدا هەر بوونی هەیە، بۆ نموونە: لە ڕێکەوتی (2020/5/7) لەلاپەڕەیەکی فەیسبووک بەناوی (باخچە-Baxcha) کە زیاتر لە (500) هەزار فۆلۆ و لایەکی هەیە، ڤیدیۆی (مامۆستایەکی ئایینی کورد) بڵاوکرایەوە ماوەکەی (1:40) چرکەیە، لە ڤیدیۆکەدا دەڵێ: (درۆیە ئیسلام دینی ئاشتی و پێکەوەژیان نیە، بەڵکو دینی شەڕە، دینی قڕەیە لەگەڵ موشرکینە، ئەوەی دەڵێ ئیسلام دینی ئاشتیە کذابە...هتد)، ئەم ڤیدۆیە زیاتر لە 100 بەکاربەر (Share) کردوە وبەهەزاران (Views) هەبووە!

## 7. ماددەی هۆشبەر:

"ماددەی هۆشبەر مەترسیدارترین بەڵایە، کە هەڕەشە لە سەقامگیری کۆمەڵگە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات، چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی جەستە و ئەقڵی مرۆیی دروست دەکات و دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی وزە و سامانی تاک و بڵاوبونەوەی بێکاری و کەمتەرخەمی و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لە کۆمەڵگە، هەروەها دەبێتە دەروازەیەک بۆ لادان و ئەنجامدانی تاوانی وەک دزی و کوشتن و ئەتککردنی کچان" (غباري، 2007: 156).

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بڵاوکردنەوەی بەها و پێوەرە زیانبەخشەکان، ململانێ و هەڕەشەی کەلتوری، شڵەژانی بەهاکانی کۆمەڵگە و تەنانەت شڵەژانی ڕەفتاری تاکەکان، کە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و لادانەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە (محەممەد، 2013: 199)، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن "ئەو هەرزەکار



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

و لاوانەی کە لەسەر فەیسبووک و تویتەر وێنەی هاوڕێیەکانیان دەبینن لە کاتی جگەرەکێشان یان مەیخواردنەوە گرتوویانن، ئەوا ئارەزوویان بۆ جگەرەکێشان و مەیخواردنەوە زیاتر دەجولێت" (بکار، 2019، 51).

لەلایەکی دیکەوە، (هۆگر عەزیز) وتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێ: "ئەوانەی کاری ماددەی هۆشبەر دەکەن، لە ڕێگەی ماسنجەر گروپیان داناوە، بەڵام دواتر دەستگیرکراون، بۆیە ئەوانە سوودیان لە فەیسبووک وەرگرتووە و ڕیکلام بۆ مادده هۆشبەرەکان دەکەن"، بەو هۆیەوە تا ئێستا لە پارێزگای هەولێر سێ حاڵەت هەبووە، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (2019/8/7) لەلاپەڕەی فەیسبووکی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان) هەواڵی دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک بڵاوکرایەوە، کە ئەکاوتنێکی لە فەیسبووک داناوە بۆ بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر.

جگە لەوانەش، خراپی مامەڵەکردنی ڕاگەیاندن لە فەیسبووک لەگەڵ هەواڵەکانی پەیوەست بەماددەی هۆشبەر یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکانی زیادبوونی ئەم دیاردەیە، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (2019/4/16) لەلاپەڕەی کەناڵی (کوردستان24) لە فەیسبووک بەرنامەیەکی کەناڵەکە بەناوی (باسی ڕۆژ) دانراوە، کە تایبەتە بەمادده هۆشبەرەکان، لە بڕگەیەکی بەرنامەکەدا پێشکەشکارەکە دەچێتە بەردەم باڵەخانەیەک لە بەحرکە و دەڵێت: "لەم خانووەدا کەسێکی ئۆکرانی، ئێران و کوردێک بەیەکەوە کاریان کردووە و دەست بەسەر کۆمەڵێک بەرهەم گیراوە کە ماددەی هۆشبەری لێدروست دەکرێ"، هەر لە قسەکانیدا دەڵێ: "ئەم خانووە دەکەوێتە دەرەوەی بەحرکە و، وەک مەزرعە دیوار و پەرژینی تایبەتی خۆیان هەیە، کەس هاتووچۆ ناکات، واتا شوێنێکی **زۆر گونجاوە** بۆ ئەوەی هەرکەسێک کارێکی نهێنی بکات، یان کارێکی شاراوە بکات، دەتوانێ لێرە لەم ناوچەیە تاڕادەیەکی زۆر لە چاوی هێزە ئەمنیەکان و پۆلیس دوورە...هتد، هەرچەندە کەسە **ئۆکرانی و ئێرانیەکە هەڵاهاتوون**، بەڵام کوردەکە کە خاوەنماڵەکەیە دەستگیراوە..."، شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی دەڵێن" بڵاوکردنەوەی هەواڵ بەو شێوەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی مەیل و ئارەزوو بۆ ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوە یان لاسایکردنەوەییان" (صوان، 2018، 3). چونکە باسی شوێنێک دەکات، کە ئەشێ بۆ کاری هاوشێوە، لەهەمان کاتدا تۆمەتبارەکانیشی وەک پاڵەوان وێناکردووە، کە توانیویانە ڕابکەن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## 8. بێكاری و هەژاری:

کار یەکێکە لە گرنگترین پێداویستیەکانی ژیان، کار کۆڵەگە و کلیلی بەختەوەری ژیانە، ئەو جۆگەلە پیرۆزەیە، کە مرۆڤ لێیەوە گرنگترین کۆڵەگەکانی مانەوە وەردەگرێ، هەربۆیە ئابووریناسان ناویان لێناوە توندوتۆڵی جەستە (حبیب، 2016، 241)، لە بەرامبەردا، "بێکاری کاریگەری لەسەر لایەنی ئەمن و ئاسایش و ئارامی ولات دەبێت، چونکە تێرنەکردنی ئەو پێداویستیانە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو و دەستبردن بۆ تاوانی کۆمەڵایەتی و تۆقاندن و توندوتیژی و تاوانی خوڕەوشتی و بڵاوبونەوەی ماددەی هۆشبەر" (محمود، 2017، 79)، لە هەمان کاتدا بێکاری "دەبێتە هۆی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی ونائومێدی و دابڕان لە بەهاکانی کۆمەڵگە و پێوەرەکانی" (دری، 2019، 56).

بەپێی داتا و ئامار و ڕووپێوییەکانی وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان و ئاماری ناوەندیی عێراق و ڕێکخراوی (کۆچ)ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر لەماوەی (2010–2018) بەمشێوەیە بووە ( mop.gov.krd, krso.net, iraq.iom.int, cosit.gov.iq):

**خشتەی (3)** ڕێژەی بێکاری لەماوەی (2010–2018) لە پارێزگای هەولێر دەخاتەڕوو

| 2019 | 2018 | 2017 | 2016 | 2015 | 2014 | 2013 | 2012 | 2011 | 2010 | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| – | 10.2 | 9.2 | 13.62 | 13.45 | 5.04 | 5.2 | 7.5 | 6 | 4.0 | **بێکاری** |
| – | 8.7 | 8.1 | 11.04 | 9.91 | 3.25 | 2.8 | 4.8 | – | 2.7 | **نێر** |
| – | 16.1 | 20.1 | 22.41 | 28.64 | 15.29 | 12.8 | 22.1 | – | 12.6 | **مێ** |

**سەرچاوە:** mop.gov.krd, krso.net, iraq.iom.int, cosit.gov.iq

کەواتە "بێکاری وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەری لەسەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگە هەیە، لە هەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی زۆرێک لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک هەژاری" (عبدالرحمان، 2019، 85)، هەژاریش بەگەورەترین گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری دادەنرێ، کە زۆرجار وا لە تاک دەکات پەنا بباتە بەر دزیکردن و تۆڵکردنەوە و فێڵکردن، هەربۆیە پێکهێنانی ژینگەی هەژاری دەبێتە کەشێکی لەبار بۆ لادانی کۆمەڵایەتی (یوسف، 2016: 288).

لەم سەردەمەدا، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و فەیسبووک بەتایبەت بۆتە "سەکۆیەک بۆ ساختەکردنی شوناس و پیشە و ئاستی کۆمەڵایەتی، بەئامانجی خۆدەوڵەمەندکردن، یان بەپاڵەوان بوون" (محەمەد، 2019، 178)، بۆ نموونە: لە کاتی قەدەغەی هاتووچۆ و بڵاوبوونەوەی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستان، بەناوی کۆمەک و هاوکاری و بەخشین فەیسبووک پڕبوون لە وێنەی نمایش و دەرکەوتنی پارلەمانتار و سەرمایەداران، ئەوەش کاردانەوەیەکی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە پیشاندانی وێنەی هەژاران لە فەیسبووک بووە وێستگەیەکی دیکە بۆ قوڵکردنەوەی ئازارەکانی هەژاری.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێجاریش خەڵک لە ڕێگەی (فەیسبووک)ەوە هەوڵدەدەن سوود لەلایەنی میهرەبانی و مرۆڤدۆستی خەڵک وەربگرن، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (2020/4/2) لەلاپەڕەی فەیسبووکی ڕووداو بڵاوکرایەوە (لە هەولێر خێزانێک بەهۆی نەدانی کرێی خانووەوە بەهەموو کەلوپەلەکانیانەوە خراونەتە سەر شەقام)، پەیامنێری کەناڵەکە چووە بەردەم ماڵەکە و لەگەڵ پیشاندانی ماڵەکەیان لەسەر شەقامله زاری ژن و مێردە باسی لە حاڵ و گوزەرانی خۆیان دەکرد، ئەوەش کارانەوەیەکی زۆری هاوسۆزی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام زۆری پێ نەچوو، خاوەن خانووەکە پەیوەندی بەکەناڵەکە کرد و هەموو قسەکانی ڕەتکردەوە و، وتی: "تەنانەت هاوکاریشم کردووە و لە کرێی خانووەکەش خۆش بووم..!"

هەروەها هەندێجاریش بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هەژاران دەبێتە هۆی هاندانی تاوان و لادان، وەک چیرۆکی دزینی شیر و دایبی لە یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، چونکە بەشی زۆری بەکاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە سۆنگەی بەزەیی و هاوسۆزییەوە خوێندنەوەیان بۆ کەیسەکە کرد (محەمەد، 2019، 186)، بەهەمان شێوە لە ڕێکەوتی (2020/5/8) لەلاپەڕەیەک بەناوی (هەولێر:: Hawler)، کە زیاتر (10) هەزار فۆلۆ و لایکی هەیە هەواڵێک بەم ناونیشانە بڵاوکرایەوە (لەبەر هەژاری و نەبوونی ئێستا برایەکی لەناوەڕاستی شاری هەولێر کوشت)...هەروەها لە ڕێکەوتی (2019/11/3) لە فەیسبووکی (شاری چۆمان) هەواڵێک بەم ناونیشانە بڵاوکرایەوە (وێنەی ئەو پێشمەرگەیەی نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە بەفیشەک خۆی کوشت).

بەهەمان شێوە لە ڕێکەوتی (2020/1/24) لەلاپەڕەی کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە فەیسبووک هەواڵێک بەناونیشانە بڵاوکراوەتەوە (تەقتەق...ژیانی ژنێک لەخۆخنکاندن ڕزگار کرا)، لە گێڕانەوەی هەواڵەکەدا هۆکاری خۆکوشتنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەژاری، هەروەها لە ڕێکەوتی (2020/5/13) کەناڵی ئێن ئارتی لە بەرنامەی بێسنور، کە لە فەیسبووک پەخشیکرد، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژنێکی لەشفرۆشکرد، لەو چاوپێکەوتنە باسی شوێنەکانی لەشفرۆشی و تەمەنی لەشفرۆشان و باندەکانی لەشفرۆشی...هتد کرد، لەشفرۆشکەش هۆکاری ئەو کارەی بۆ هەژاری و نەبوونی گەڕاندەوە! بەردەوامیدان بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ بەو شێوانە دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و تاوانکاری، دواجار تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (حەمەسور، 2017، 17).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ئەنجامەکان:

1. بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە کوردستان وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن بۆتە یەکێک لەسەرچاوەکان کە بەکارهێنەران بۆ دەسکەوتنی هەواڵ و زانیاری پشتی پێ دەبەستن.
2. بەشی زۆری لاپەڕە کوردییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەبێ ڕەچاوکردن و گرنگیدان بەلایەنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەواڵ و زانیارییەکان بڵاودەکەنەوە.
3. بەبێ ڕەچاوکردنی بنەما زانستیەکانی تایبەت بەڕومالکردن لەلاپەڕە کوردییەکانی فەیسبووک هەواڵەکانی (کوشتن، خۆکوشتن، جیابوونەوە...هتد) بڵاودەکرێنەوە، کە زۆرجار ڕوودەچنە ناو وردەکاری ڕووداوەکان و، کەسانی خۆکوژ و تاوانباران وەک پاڵەوان وێنا دەکرێن.
4. پێشێلکردنی ژیانی تایبەت و، بڵاوکردنەوەی وێنە و قسە و ڤیدیۆی ژیانی تایبەتی، نەک ئەستێرەکانی هونەر و سیاسەت، بەڵکو خەڵکی ئاسایی بەڕێژەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێ و، بەکاربەران لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی پێ دەکەن.
5. لە بواری تیرۆر و توندڕەوی، چەندین ڤیدیۆ و وتاری توندڕەوی گروپە ئایینی و بانگخواز و کەسایەتییە ئاینیەکان بەدی دەکرێن، کە مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

و فەیسبووک و خراپ بەکارهێنانی وەک هۆکارێک کاریگەری لەسەر زیادبوونی دیاردەی توندتیژی و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران هەبووە.

7. فەیسبووک بۆتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی ڕێژەی تاوان و لادان لە کۆمەڵگەی کوردیدا.
8. بەشی زۆری لاپەڕەی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لە فەیسبووک لە پێناو زۆرترین لایک و کۆمێنت و هاوبەشیکردن هەواڵ بڵاودەکەنەوە، کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ پایەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی یەکناگرێتەوە.
9. بەناوی هەژاری و نەبوونی زۆرجار فەیسبووک وەک ئامرازێک بۆ فێلکردن و ڕاکێشانی سۆز و میهرەبانی لەلایەن بەکارهێنەران بەکاردێ.
10. تیرۆرستان توانیویانە سوود لە فەیسبووک وەربگرن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگەدا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# The Risk of Facebook Social Media Network on Social Security

**Hemin Amen Jalal Shwani**
Department of Sociology , College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** hemin.jalal@mhe-krg.org

**Tahir Hasoo Zebari**
Department of Sociology , College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** tahir.zebari@su.edu.krd

**Abstract:**
Social security, which is considered as a part of national or state security, has great role in developing and advancing society. In this day and age, as we live in a world of development and technology, social security is under various types of threats and risks in most societies. The Press, through its different channels and means, plays a great role in creating and fostering this risk to destabilize social security. This, then, has necessitated many countries to restrict and curb some media outlets and journalists within legal boundaries.
Accordingly, the emergence of the social media outlets in general, and Facebook, as a new social media network in particular, has increased the afore-mentioned risks and threats on social security.
The aim of this paper is an attempt to find the range of the risk that comes out of Facebook on social security in Kurdistan region in general, and Erbil in particular.

**Key Words:** Social Media, Facebook, Risk, Social Security.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## سەرچاوەکان:


ئەردەڵانی، ئەرسەلان (2011) فەیسبووک بۆ هەمووان. سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

بکار، عبدالكريم (2019) منداڵەکانمان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. وەرگێڕانی: بەهجەت جەمیل حامد. سلێمانی: ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.

جەمال، نەوزاد (2019) فەلسەفەی و فەیسبووک یان فەلسەفەی فەیسبووک دیاردەناسی بوونێکی ئەندێشەیی. سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند.

حبيب، محمد شلال (2016) بنەماکانی تاوانناسی. وەرگێڕانی: هێمن ئەمین شوانی. هەولێر. چاپخانەی هێڤی.

خەلیل، مەعن (2007) کۆمەڵناسی خێزان. وەرگێڕانی: ئارام ئەمین جلال. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.

دری، سالار تەحسین سەیدۆ (2019) ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاک خێزان کۆمەڵگە. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ڕەفیق، ئاری (2013) ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕۆڵیان لە ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتییدا. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

سەپان، مەغدید (2012) ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ. بەرگی یەکەم. کەرکوک: چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی).

شالینی، ئەحمەد (2018) ئینتەرنێت 101. بەبێ ئاماژەکردن بەشوێن و ناونیشانی چاپکردن.

عبدالرحمان، کارزان حسن (2019) کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر لە ماوەی (2014-2017). تێزێکی دکتۆرایی بڵاونەکراوەیە. زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر: کۆلێژی ئاداب.

عەزیز، هۆگر (2019) وتەبێژی پۆلیسی هەولێر، لە ڕێکەوتی (25/12/ 2019) چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامدرا.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

فائق، أمل میكائیل (2019) دیاردەی هەوڵی خۆكوشتن لە هەرێمی كوردستان. زانكۆی سۆران: گۆڤاری توێژەر (4/2) 255-298.

فەرەج، سۆزان محەمەد (2017) كاری كۆمەڵایەتی و ئاسایشی مرۆیی بۆ ئافرەتان لە كوردستان. وەرگێڕانی: زرار عەلی. سلێمانی:چاپخانەی كەمال.

فەوزی، سامان (2020) ڕێبەری یاسایی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە. چ2. سلێمانی: چاپخانەی تاران.

قانع، مەریوان وریا (2018) كۆمەڵگە و غەریبەكانی. سلێمانی: ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئەندێشە.

محمود، باخان أحمد محمد (2017) پەیوەندیی ڕەفتاری كۆمەڵایەتیی گەنجان بە بێكارییەوە- توێژینەوەیەكی مەیدانیە لە ناو شاری سلێمانی.

نامەیەكی ماستەری بڵاونەكراوە. سلێمانی: زانكۆی سلێمانی. كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان.

محەممەد، فائیز ئیبراهیم (2013) كۆمەڵناسی خووگرتن بەمادده هۆشبەرەكان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

محەمەد، كارزان (2017) ڕۆژنامەنووس و تاوانەكانی ڕاگەیاندن. سلێمانی: چاپخانەی ئاسیا.

محەمەد، ئاریان (2019) پڵنگی سەر كاغەز سۆسیال میدیا و وێنەی زەینی. سلێمانی: چاپخانەی كارۆ.

مصطفى، روستم صابر (2017) كاریگەری فەیسبووك لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لای قوتابیانی زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر.

نامەیەكی ماستەرە بڵاونەكراوەتەوە. هەولێر: زانكۆی سەلاحەدین- أربیل. كۆلێژی ئەدەبیات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

مصطفی، عبدالخالق ابراهیم و، خضر، ڕەزوان علی (2020) ڕۆڵی ڕاگەیاندنی نوێ لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا. زانکۆی ڕاپەڕین: گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین (2/7) 583–608.

میران، ڕەشاد (2016) سۆسیۆلۆگیای ڕاگەیاندن. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئەحمەد، ئاراز ڕەمەزان (2019) لایەنە نەرێنییەکانی مامەڵەی میدیای کوردی لەسەروبەندی شەڕی داعشدا. سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. لەم بەستەرە بەردەستە (http://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx?jimare=3193) ڕێکەوتی سەردان (2020/5/5).

حەمەسور، ئارام قادر (2017) ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی. لەم بەستەرە بەردەستە: (https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=840&nuser=1245) ڕێکەوتی سەردان (2020/5/3).

عەلی، فوئاد (2019) ڕۆڵی میدیای نوێ لە بڵاوکردنەوەی تیرۆری ئەلکترۆنیدا. سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. لەم بەستەرە بەردەستە (http://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx?jimare=3215) ڕێکەوتی سەردان (2020/5/5).

krjc.org (2020A) داتاو ئاماری دادگاکان- ئامارەکانی تاوان و کەتن و نەوجەوانان لە پارێزگای هەولێر. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.krjc.org/Default.aspx?page=category&c=dad2018) ڕێکەوتی سەردان (2020/4/15).

krjc.org (2020B) داتاو ئاماری دادگاکان- ئامارەکانی جیابوونەوە و هاوسەری لە پارێزگای هەولێر. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.krjc.org/Default.aspx?page=category&c=dad2010) ڕێکەوتی سەردان (2020/4/18).

krso.net(2011) ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011 IKN فاکت شیتی (3) هێزی کار. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.krso.net/files/articles/030516055254.pdf) ڕێکەوتی سەردان: (2020/4/10).

krso.net(2012) ڕاپۆرتی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2012. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.krso.net/files/articles/230714011211.pdf) ڕێکەوتی سەردان: (2020/5/8).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

krso.net(2014) راپۆرتی هێزی كار لە هەرێمی كوردستان 2014. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.krso.net/files/articles/080816025529.pdf) ڕێكەوتی سەردان: (2020/5/8).

krso.net(2015) دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان نیوەی دووەمی 2015. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.krso.net/files/articles/280517035934.pdf) ڕێكەوتی سەردان: (2020/4/18).

krso.net(2017) پێوەرەکان- بەشداربووان لە هێزی کار. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=893&l=3&#krso2) ڕێكەوتی سەردان: (2020/4/20).

mop.gov.krd (2012) راپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان 2012. لەم بەستەرە بەردەستە: (http://www.mop.gov.krd/resources/MoP%20Files/Newsletter/SEMS_Report_Kurdish.pdf) ڕێكەوتی سەردان: (2020/4/15).

bgtakrg.org (2020) ئاماری توندوتیژیەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان. لەم بەستەرە بەردەستە: (https://www.bgtakrg.org/index.php/statics) ڕێكەوتی سەردان (2020/5/5).

أبوضاحي، لينا خالد (2018) اتجاهات طلبة الجامعات في محافظات غزة نحو أخبار الجريمة في المواقع الإخبارية الفلسطينية و علاقتها بخصائصهم الاجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة. فلسطين: الجامعة الإسلامية – غزة. كلية الاداب.

بدوي، عمار توفيق أحمد (2014) أثر وسائل التواصل الحديثة على الدعوة الفيس بوك نموذجا. فلسطين: جامعة النجاح الوطنية. المؤتمر العلمي الدولي السنوي الرابع بعنوان وسائل التواصل الاجتماعي وأثرها على المجتمع. أوراق عمل. 211-225.

الحيدري، إبراهيم (2015) سوسيولوجيا العنف و الإرهاب. بيروت: دار الساقي.

دغريري، علي بن حمد بن أحمد (2017) إدمان شبكات التواصل الاجتماعي وعلاقته بالشعور بالوحدة النفسية لدي المراهقين. فلسطين: المركز القومي للبحوث. مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية (2/1) 89-110.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

سمير، فارح (2009) ظاهرة العود للإدمان على المخدرات والتفكك الأسري. رسالة ماجستير غير منشورة. الجزائر: جامعة بن يوسف بن خدة . كلية العلوم الاجتماعية و الإنسانية.

الصفار، حسن موسى (2008) المؤسسات الأهلية و حماية الأمن الاجتماعي. القطيف: مكتبة الملك فهد الوطنية.

العزاوي، مظفر مندوب (1983) التلفزيون و دوره التربوي في حياه الطفل العراقي. بغداد: دار الحرية للطباعة.

العموش، أحمد فلاح (1999) أسباب انتشار ظاهرة الإرهاب. أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية: مجلة مكافحة الإرهاب (240): 61-110.

غباري، محمد سلامة محمد (2007) الإدمان خطر يهدد الأمن الاجتماعي. الإسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر.

لكحل، حميمة و، زايدى، ربيحة (2017) أثر إستخدام مواقع التواصل الاجتماعي في العلاقات الأسرية الفيس بوك نموذجا-دراسة ميدانية لمجموعة من المعلمات المتزوجات. رسالة ماجستير غير منشورة. الجزائر: جامعة زيان عاشور – الجلفة. كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية.

المدني، نبيل (2011) الأمن الاجتماعي بنظرة فلسطينية. مجلة لارك للفلسفة واللسانيات و العلوم الاجتماعية. العراق: جامعة واسط. (3/15): 119-128.

المري، على بن ربيع (2006) التفكك الأسري و خطره على الأمن الاجتماعي. مجلة (الامن و الحياة) الرياض: (305).

هرزاني، نوري (2005) الإعلام و الجريمة. هەولێر: مطبعة جامعة صلاح الدين/اربيل.

يوسف، مصطفى (2016) علم الاجتماع الإعلامي. عمان: دار و مكتبة الحامد للنشر و التوزيع.

صوان، أحمد حسين (2018) زيادة نشر أخبار جرائم الأسرة قد تدفع الجمهور إلى تقليدها، متاح على الموقع: (https://www.elwatannews.com/news/details/3682609) تأريخ الزيارة (7.5.2020).

قروي، ماجد (2018) الشباب والفايسبوك: أية دلالات سوسيولوجية؟. (http://www.sooqukaz.com/index.php/أوراق/735-الشباب-والفايسبوك-أيّة-دلالات-سوسيولوجية؟ ) تأريخ الزيارة (25.2.2020).

ناجي، علاء (2017) شبكات التواصل الاجتماعي والانتحار: العلاقة والتأثير. متاح على الموقع: (https://m.annabaa.org/arabic/studies/11675) تأريخ الزيارة (3.5.2020).

cosit.gov.iq (2017) المجموعة الاحصائية السنوية 2017. متاح على الموقع: (http://cosit.gov.iq/AAS2017/Annual%20Abstract%20of%20Statistic%20_2017.pdf) تأريخ الزيارة (3.5.2020).

Sustainable Development.un.org (2019) العراق...التقرير الطوعي الأول حول أهداف التنمية المستدامة 2019. متاح على الموقع: (https://sustainabledevelopment.un.org/content/documents/23321IraqVNR2019Final11June2019WOC.pd) تأريخ الزيارة (7.5.2020).

Buzzetto, Nicole A. -More (2012) Social Networking in Undergraduate Education. USA: Informing Science Institute. Interdisciplinary Journal of Information, Knowledge, and Management Special Section on Social Networking, Teaching, and Learning (7): 63-90.

Ellison, Nicole. B, Steinfield, Charles, & Lampe, Cliff (2007) The Benefits of Facebook ‘‘Friends’’: Social Capital and College Students’ Use of Online Social Network Sites. United Kingdom: Oxford University Journal of Computer-Mediated Communication, (12/4): 1143–1168.

Gordon, Steven (2017) Online Communities as Agents of Change and Social Movements, Chapter: The Impact of Social Media on Social Movements: The Case of Anti-Consumption. Reading: Ergun, Sinem & Erdogmus, Irem Eren. United States of America: Publisher: IGI-Global.

Niu, Lian (2019) Using Facebook for academic purposes: Current literature and directions for future research. Journal of Educational Computing Research, 56(8), 1384-1406.

Nyoni, Phillip and Velempini, Mthulisi (2018) Privacy and user awareness on Facebook. the Academy of Science of South Africa: South African Journal of Science .114(5/6): 27-31.

Alhabash, Saleem and, Ma, Mengyan (2017) A Tale of Four Platforms: Motivations and Uses of Facebook, Twitter, Instagram, and Snapchat Among College Students? United States: Minneapolis. Conference Association for Education in Journalism and Mass Communication Conference (AEJMC). Social Media + Society journal. Available From: (https://journals.sagepub.com/doi/10.1177/2056305117691544). Accessed 30.3.2020.

Boyd, Joshua (2019) The History of Facebook: From BASIC to Global Giant. Available From: (https://www.brandwatch.com/blog/history-of-facebook/). Accessed 25.3.2020.

Internet World Stats (2020a) World Internet Usage and Population. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats.htm). Accessed 15.4.2020.

Internet World Stats (2020b) Facebook Users in the Africa. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats1.htm). Accessed 15.4.2020.

Internet World Stats (2020c) Facebook Users in the Latin America. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats2.htm). Accessed 15.4.2020.

Internet World Stats (2020d) Facebook Users in the Asia. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats3.htm). Accessed 15.4.2020.

Internet World Stats (2020e) Facebook Users in the Europe. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats4.htm). Accessed 15.4.2020.

Internet World Stats (2020f) Facebook Users in the Middle East. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats5.htm). Accessed 15.4.2020.

Internet World Stats (2020g) Facebook Users in the North America. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats14.htm). Accessed 15.4.2020.

Internet World Stats (2020h) Facebook Users in the Australia. Online. Available From: (https://www.internetworldstats.com/stats6.htm). Accessed 15.4.2020.

iraq.iom.int (2018) DEMOGRAPHIC SURVEY-Kurdistan Region of Iraq. Online. Available From: (https://iraq.iom.int/demographic-survey-kurdistan-region-iraq) Accessed 27.4.2020.

Napoleon Cat (2020) Facebook Users in the Iraq. Online. Available From: (https://napoleoncat.com/stats/facebook-users-in-iraq/2020/03) Accessed 17.4.2020.

World Health Organization (2020) Suicide. Online. Available From: (https://www.who.int/news-room/fact-sheets/detail/suicide) Accessed 3.5.2020.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020**